# هەسارەکان



شەوێکی هاوین لەسەربان راکشابووم،
ئەوەندە بیرم لە گەردوون و هەسارەکان
کردەوە، تا کەوتمە دەریای ئەندێشەوەو
بەرەو ئاسمان هەڵفڕیم. لە ئاسمان تووشی
هەسارەیەکی گەورەی سورباو بووم،
جوانیەکەی زۆر سەرنجی راکێشام و لێم
پرسی: هەسارە جوان، ئەتوانم ببمە
هاورێت؟ بەخەندەیەك وەڵامی دامەوە:
فەرموو، لە ئێستاوە من و تۆ هاورێین.
من گەشترین هەسارەی کۆمەڵەی خۆرم و
ناوم موشتەرییە، ئەی تۆ؟ لە خۆشیدا
ئەمنەزانی چیبکەم، بە پەلە وەڵامم دایەوە:
منیش ناوم (کاڵێ) یە. باشە تۆ
هەسارەیەکی گەڕۆکی یا جێگیر؟ وتی:
من و هەموو هاورێکانیشم لە هەسارە
گەڕۆکەکانین. لێم پرسی: باشە
هاورێکانت ناویان چییە؟ ئەی ئەوە
کامتانن هەمیشە بەردەمی خۆی رووناك
دەکاتەوە؟ بە پێکەنینەوە وتی: ئەوە منم
هەمیشە بەردەمی خۆم رووناك
دەکەمەوەو هاورێکانیشم: عەتارد،
زوهرە، زەوی کە تۆ لەسەری ئەژیت،
مەریخ، موشتەری کە ئێستا لەگەڵت
ئەدویێم، زوحەل، ئۆرانۆس، نیپتۆن و
بلۆتۆ. لەم کاتەدا گوێم لێبوو دایکم بانگی
کردم، ئیتر بەدەم سوپاس کردنەوە بەجێم
هێشت. لەکاتی خوداحافیزیدا دەستم بەر
قەرەوێڵەکە کەوت و خەبەرم بۆوە، کە
سەرنجمدا کاتی قوتابخانە نزیك بۆتەوە
بە پەلە خۆم گۆڕی وتم با دوا نەکەوم.

حەنان حەمە عەلی حسێن (١٣) ساڵ / دەربەندیخان
وێنە: غەمگین فەتاح (١٥) ساڵ